# سەرخێڵی کۆست!

## شێرکۆ بێکەس

تۆ لە سەرچاوەی ئاوێکی سوورەوە هاتویت. ئازارت
هاژەهاژو، زامانت گوڵی دارهەنارو، نامۆییت
دوورە کەنارێکی زەریای ئەوپەڕی دنیا بوو. تۆ لە
هەواری خێڵی کارەساتەوە هاتبووی. باوکت میرە
ئەسپێکی گەورەی قوربانیی‌و باپیرت کەڵەشاخێکی یەك قاچی
ئەم مێژووەو بنەماڵەتان بە ئاوێنەی هەڵاڵە چواردەور
گیراوو، خۆشەویستیتان لە بەفری تازەباریو پاکترو ڕەنجتان
خەرمانەی ئەستێرەو ئەم وڵاتەیش گۆرانییەکی ڕەشپۆشی
بەردەمتان!
تۆ لە سەرچاوەی ئاوێکی ئەرخەوانییەوە هاتبووی.
لەو دەمەوە کە باوکت پڕبوو لە سروودی ئازادی‌و
چوو بە پیر شەفەقەوەو بە پیر ئایندەی منداڵانەوەو
بەپیر وەرزی پشکوتنی زامانەوەو ئەوسا بوو
بە هەڵۆیەکی سوورو لە شاخێکی سووورداو لە دیرۆکێکی
سووردا تێکەڵ بە پڕانی ئەستێرە سوورەکان بۆوە.
تۆ لە تەمەنی چرۆدا بووی یان لە تەمەنی پەپوولەدا
کە "ئەو" بوو بە هەورو بەسەر خاکی تینوودا دارڕژا!
تۆ هەر بە خونچەیی ئاوارە بووی.
تۆ هەر بە پەپوولەیی کەوتیتە ئاگرەوە.
تۆ هەر لەسەر بێشکەوە لە ناوچەوانت
نوسرابوو ئازار وێڵاشتەو غەریبیی‌و تەنیایی
هەردوو باڵت‌و چاوەکانیشت ئەو کانییەی کە
باوکت بۆ دواجار دوو قومی لێخواردەوە دوای ئەوە
ڕۆحی سپی دای لە شەقەی باڵ‌و بەرەو لای خودا
هەڵفڕی!.
ئاوێنەکانی بنەماڵەی ئێوە
بە دەم پێکەنینی ورەوە وردوخاش بوون.
ئەو کاتەی ڕەگ‌و ڕیشەی ئێوە ئازاری ئەناسی

**هێشتا زۆر بنجی تر ئازاریان نەدیبوو.**
**ئەو کاتەی کە کوردایەتی ئاگردانی ئێوە بوو**
**هێشتا لە زۆر ئاگردانی تردا ئاگر نەکرابۆوە.**
**هەرلەبەر ئەوەیشە کەم شاخ هەیە نەتانناسێ.**
**کەم درەخت هەیە باوەشی پیا نەکردبن.**
**کەم ڕێگای سەخت هەیە دۆستی نزیکی هەنگاوتان نەبن**
**تۆ سەرخێڵی ڕەنجیش بووی**
**لە ئاوارەییدا پاڕانەوەی دەستو دڵت هەڵنەبژارد.**
**هێشتا چڵێکی ناسك بوویت بڕیارت دا کێڵگەی**
**شەونخوونیو عەردی ئارەقی شینو مۆر بکێڵی.**
**تۆ پاروە نانت لە قوڕگی نەهەنگی ئاسنەوە**
**دەرئەهێنا. تۆ ژیانت لە دژواریدا ئەبینی.**
**تۆ هەموو ڕۆژێ لەنێو چەقۆی ئامێرەکاندا سەفەرت**
**بەناو هاتو نەهاتدا ئەکرد. چارەنووست دابووە**
**دەست نادیاری ئاوارەبوون. تۆ ئەتویست بە**
**ژیان بڵێی: من سەختترین بواری تۆم هەڵبژاردوە**
**بۆ کارکرن.**
**ئەی سەرخێڵی کۆست!**
**ئەی سەرخێڵی ئازار!**
**تۆ سەرلەنوێ هەموو برینەکانی جەستەی ئێمەت**
**بە زامەکانی خۆت تازە کردەوە. بە پرژە پرژی**
**فوارەی خوێنت خوێنی وشکەڵاتووی سەر سنگی ئێمەت**
**تەڕکردەوە. لەگەڵ مەرگی کوتو پڕی تۆدا**
**هەموو سەرچاوەی گریانە وشکەکانیشمان تەقینەوە.**
**هەموو کۆستەکانی ڕابوردوومان هەستانەوە سەرپێو**
**لە بەردەمی کەژاوە سوورەکەی تۆدا کۆتەڵیان**
**سەرلەنوێ گەرمکردەوە!.**
**پرسەی ئێوە**
**وەك پرسەی کێڵگە سك سووتاوەکانمان نەبڕایەوە.**
**گریانی ئێوە چون گریانی ژنانی ئەنفال نەگیرسایەوە.**

یادگاری هەمیشە بە سوێی ئێوە بوو بە بەشێك
لە 3/16 و بووە بە سەهۆڵبەندانی دەرانەکانی
پیرەمەگرونو نەتوایەوە! لە کۆستی تۆداو بە یادی
خۆزگە جوانە مەرگەکانی باوکیشتەوە، هەموو
فرمێسکەکانی وڵات لەگەڵتاندا دانیشتووە.
لەسەر گۆڕی غەریبت
هەموو ڕۆژێ باڵندەیەك ئەنیشێتەوە!
ئەو باڵندەیە لێرەوە، لەلای ڕۆحی باوکتەوە
هاتووە. لە گردی شەهیدانەوە سەفەرئەکاو
بەسەر کێلی یەك بە یەکی قوربانیەکاندا ئەگەڕێو
لەلای هەر یەکێکیانەوە چڵێ نێرگزت بۆ ئەهێنێو
ئینجا ئەگاتە لاتو بە کاوەخۆ ئەنیشێتەوە.
ئەی سەرخێڵی برینەکانی ئێمە.
ئەی سەرخێڵی شەوەکانی ئێمە
مەرگی تۆ، مەرگێکی ئاسایی نەبوو. لەسەر جێگا نەبوو،
لە خەودا نەبوو، قۆناغ بە قۆناغ نەهات. لەگەڵ
کەوچکی دەرماندا نەهات. کە هات بە یەك جار
هاتو بە ئەنجن ئەنجنکراوی تۆی دایەوە بە ئێمە!.
بۆ جەستەی پارەپارەت
کۆستی ئێمەیش پارە پارە بوو.
بۆ لەشی ئەنجن ئەنجنت
ژیانی ئێمەیش ئەنجن ئەنجن بوو.
ئەوەتا هەر یەکێکمان بووین بە دەیان پارچەی
کۆستی لەتو پەت کراو. هەر دڵێکمان بووە بە دەیان
کوت کوتی تازەی مەرگەسات. هەر چاوێکمان بووە
بە دەیان سەرچاوە بۆ خوێنی تازە هەڵقوڵیو. هەر
دەستێکمان بووە بە دەیان دەستی پڕ لە ژان.
تۆ بووی بە سەرخێڵی پاییزی
هەموومان!.
تۆ هەر لە مانگی هەڵەبجەو

کۆچڕەویشدا کۆچت کرد.

لەگەڵ گۆرانیە غەمگینەکانی ئەواندا

لەگەڵ هەناسە ساردەکانی ئەواندا

لەگەڵ مردنی تەنیای ئەواندا

گەڕایتەوە بۆ لای خودا!

تۆ هەر لە مانگی خەزانی گوڵاندا

تۆ هەر لە مانگی هەڵوەرینی دڵاندا

لەگەڵ مێرگە سك سووتاوەکاندا

لەگەڵ ڕووبارە خنکاوەکاندا

بڕیارت دا

بچیتەوە بۆ لای خودا!

ئەی سەرخێڵی ئازارو ژان!

نە شیعرو نە نووسینو نە گینگڵو نە گریان

هیچ کامێکیان ناتهێننەوە بۆ لامان!

هیچ زمانێ هێندەی  زمانی زامی تۆ

بەهێز نییە!

هیچ هونەرێ، نە بە ڕەنگو نە بە هێڵو

نە بە ژێو دەنگ، ئەو ئازارە چڕوپڕەی

کۆستەکەی تۆیان تیا نییە!.

ئەی سەرخێڵی ئازارو ژان!

لە ئیستەدا ئێمە تەنها خەومان هەیە

کە تۆ لەودا ببینینو

ناوبەناوێ

لەگەڵ پەپوولەی پاییزدا

لەگەڵ گەڵای هەڵوەریودا

بگەڕێیتەوە بۆ لامان!

سلەیمانی

2008/3/26